# ڕۆماننوسەکان چۆن دەڕواننە ژیان..؟

و/هێمن مەحمود

ڕۆمان بریتییە لەمرۆڤ،ئەو ژیانێکە کە زیاتر ڕوون و ئاشکرایە،تیشکێکیشە بۆ قوڵاییە تاریکەکان.

(د.ھ.لۆرانس) دەربارەی کاری ڕۆماننوسی دەڵێت(لەبەر ئەوەی من ڕۆماننوسم ئەوا خۆم بەبەرزترین پلەی قەدیس و زانا و فەیلەسوف و شاعیر دادەنێم،ڕۆمان کتێبی ژیانێکی پرشنگدارە).

(لایۆنێل تریلینگ)ی ڕەخنەگریش دەربارەی ڕۆمان دەڵێ(ڕۆمان گەڕانێکی بەردەوامە و گۆڕەپانی ئەم گەڕانەش جیهانە کۆمەڵایەتیەکەیە،کەرەستەی شیکردنەوەکانیشی ئەو خوانەی ئینسانە کە دەبن بەبەڵگەی ئەو ئاراستانەی نەفسی مرۆڤ بەرەورووی هەنگاو دەنێ).

ڕۆمان بەدرێژایی مێژووە پرشنگدارەکەی خۆی هەوڵی ئەوەی داوە کە مرۆڤ ڕزگاربکات و خودی خۆشی بناسێنێت،هەروەها هەوڵی ئەوەشی داوە کە پارێزگاری لەئازادییەکان و مافی لەبەسر بردنی ژیان و دۆزینەوەی شتە جوانەکانی ژیاندا بکات.

هەر لێرەشەوەیە بانگەوازی ڕۆماننوسەکان تاوەکو لەزاتی خۆیاندا ڕۆشنبیریەتی پەیوەستبون بەژیانەوە دەستەبەربکەن.

لێرەدا بیروڕای چەند ڕۆماننوسێك دەخەینە ڕوو کە ئەزمونێکی دەوڵەمەندییان لەهەموو قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا هەیە.

(گابریل گارسیا مارکیز)

گابریل گارسیا مارکیز بەهەموو شێوەیەك پەیوەستە بەژیانەوە،بەهەموو مانایەکی خۆشەویستیش خۆشیدەوێت و هەموو هیوایەکیشی لەسەر بنیاتناوە،تەنانەت دەڵێت کاتێك ناچار دەبێت کەسێتیەکی ڕۆمانەکەی بکوژێ توڕەدەبێت و لەسەر مێزی نوسینەکەی هەڵدەستێت،کاتێکیش ژنەکەی(مەرسیدس)مارکیز دەبینێت سوربوەتەوە ولەسەر مێزی نوسینەکەی ڕایکردوە لەهۆکەی دەپرسێ،ئەویش بەترسێکەوە دەڵێ(کۆلۆنێلم کوشتوە).

مارکیز کە بەخۆشەویستی ژیان پڕبوە دەڵێت:

من ئەوە ڕەتدەکەمەوە کە پاڵەوانەکانم وەها پێش کەش بکەم و لێیانگەڕێم تەنها تاپێدەگەن و دواتر بمرن،من بۆ ئەوە مەبەستە پێشکەشیان ناکەم،ئەوان پێدەگەن بۆ ئەوەی بژین،بەڵام لە پڕمردنیتەوقیتکراو ئامادەدەبێت و هەموو شتەکان تێکدەدات.

هیچ کەسێك بەخۆشبەختی نامرێت ،تەنانەت زۆربەی خەڵکی هێشتا نەمردون ترس سەرتاپای داگیرکردون،ڕاستر ئەوان دەمرن و پڕن لەتوڕەیی و بێزاری ئەوەی کە دەبێت و پێویستە بمرن،من ئەم ڕاستیەم هەموو جار بۆ ڕوونبوەتەوە:کاتێك کەسێکی ئازیزم لەدڵ دەمرێت ئەو هەستە سەرەکیەی کە کەسوکاری مردووەکە دادەگرێت هەستکردنە بەتوڕەیی و بێزاری،چونکە مردنی مرۆڤ دۆڕانێکە هەرگیز قەرەبوناکرێتەوە).

مارکیز پەیوەستبونی خۆی بەژیانەوە وەها وەسفدەکات(ژیان چاکترین شتێکە بەدڵنیایەوە تاوەکو ئێستا هەبێت،مردن بەنیسەبت منەوە واتای کۆتاییە،ئەوەش گەورەترین تەڵەیە بەدڵنیاییەوە).

(ئەلبێر کامۆ)

هەر ئەم خۆشەویستیە کوشندەشە بۆ ژیانی خۆی وەهادەکات لەڕۆماننوس و فەیەلسوفی گەورەی فەرەنسی(ئەلبێر کامۆ)داکۆکی لەمافی ئەوانی دیکە بکات بۆژیان،ئەوەتا لەئیدانەکردنی سزای لەسێدارەداندا دەڵێت(کاتێك قەشەیەك سزای لەسێدارەدان پیرۆز دەکات بەبڕوای من ئەوە لەئاینە و عەقیدەکەی خۆی دەرچوە).

کاتێکیش ئیدانەی داگیرکردنی جەزائیری لەلایەن ولاتەکەی خۆیەوە کرد توشی ڕوبەڕوبونەوە هات لەگەڵ دەسەڵاتدارانادا.

کامۆ زۆربەقوڵی ژیانی خۆشدەویست،دەربارەی خۆشەویستیەکەشی بۆ ژیان دەنوسێت(مردن بەنیسبەت منەوە دەرگایەکی داخراوە،ئەوە موغامەرەیەکی ناشیرینە ،لەمندا گەنجێتیەك هەیە کە ناتوانم دەربارەی مردن قسەی لەگەڵدا بکەم،بەڵام بەخەیاڵمدا دێت ئەگەر بێتوکارێکی وەها بکەم ئەوا ئەوکات وشەیەکی وەها دەدۆزمەوە کە تەعبیر لەنێوانی ئەو ترس و بێدەنگیە بکات کە دەربارەی یەقینێکی هۆشیارانەیە بۆمردنێکی بێ هیوا،کە بێگومان ئەوەش گەنجێتیە.

ئەو دڵڕەقە لەگەڵ مردندا،ئەو ترسە جەستەیەی کە ئەو ئاژەڵە هەیەتی خۆری خۆشدەوێ).

کامۆ بەشێوەیەك پەیوەست بوو بەژیانەوە کەناتوانرێت دەستنیشانبکرێت،ئەوەتا دەنوسێت:

(هەمو ترسێکی من لەمردن بەهۆی ئیرەیمەوەیە لەژیان،من ئیرەیی لەوانە دەکەم کە لەدوا من دەژین،لەوانەی کە بۆنکردنی گوڵەکان و شەهوەتی ئافرەتەکان مانایەکی دیکەی هەیە بۆیان،من حەسودم چونکە ژیانم خۆشدەوێت و ناتوانم لەگەڵێدا بەردەوامبم ئەگەر بێت و کەسێکی خۆپەرست نەبم،لەم ڕووەشەوە هیچ نەخۆشییەك نییە لەمە خراپتر،هەر ئەمەشە دەرمانی دژەمردن،ئەمە لەقۆناغی یەکەمیدا ڕێگاخۆشکەر و دروستکەری بەزەییە بەزاتدا،هەروەها هاوکاری مرۆڤیش دەکات بۆ دەرچون یان ڕاکردن لەو یەقینەی کە بەهەرحاڵ لەکۆتایدا دەمرێت.

من لێرەدا هەستدەکەم کە پێشکەوتنی بەتەنها و ڕاستەقینەی شارستانیەت،ئەو پێشکەوتنەی کە پەیوەندی بەبەشەریەتەوە هەیە لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە، ئەوەیە کە کەسی مردووی هوشیار دروستبکەین، ئەوەش کە بەردەوام توشی سەرسوڕمان دەکات هەژاری بیرەکانمانە لەسەر مردن ).

( کامۆ ) کاتێك باسی مردن دەکات لەڕێگای مردنی کەسانی دییەوە باسی دەکات،بەڵام کە باسی خودی خۆی دەکات لەنیشاندانی ئەو وێنەی مردنەدا سەرکەوتونابێت،بەڵام واشی دەبینێت کە داهێنان چاکترین وەسیلەیە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی مردن( کە ئەویش مردنێکی هوشیارانە و پێگەشتوە ).

( بەخودی خۆم دەڵێم ئەمرم،بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نیە، چونکە هەوڵی ئەوەنادەم کە بڕوای پێبکەم و ناشتوانم جگە لەئەزمونی مردنی ئەوانی دی تاقیبکەمەوە،من خەڵکم بینیوە مردون،بەتایبەتیش سەگەکانم بینیوە مردون،بەڵام دەستلێدانیان دەمشڵەژێنیٚ..لەو ساتەدا بیردەکەمەوە گوڵەکان،زەردەخەنەکان،شەهوەتەکان بۆ ئافرەت،دەمەوێت بەئاگابونەکانم تاڕادەی سەرخۆشبون هەڵگرم بەهەموو زیادەڕۆیی و خۆشبەختیەکمەوە سەیری کۆتاییەکەم بکەم، بەقەدەر جیابونەوەشم لەجیهان لەمردن دەترسم ).

( میلان کۆندێرا )

( میلان کۆندێرا ) لەزۆربەی ڕۆمانەکانیدا و بەتایبەتیش لەکتێبی(کتاب الضحك و النسیان)دا کە لەحەوت بەش پێکدێت گرنگی دەخاتە سەر پەیوەندی مرۆڤ بەخودی خۆیەوە و دواتریش پەیوەندی بەژیانەوە و بەتەنهاش ئەو کاتە دەگات بەخودی خۆی کە دەتوانێت ڕەنگە جیاوازەکانی ژیان کەشفدەکات.

کۆندێرا یەکێکیشە لەوانەی زۆر بەقوڵی سەرسامی خۆی بەرامبەر دیستۆڤسکی دەردەبڕیٚ و دەڵێت( دیستۆڤسکی بەشێوەیەکی بلیمەتانە ململانێیەکی عەقڵی دەوڵەمەند و ڕەسەنانە لەکەسایەتیەکانیدا دروستدەکات، کەوامان لێدەکات لەکەسایەتیەکانیدا بەدوای بیرەکانیدا بگەڕێین ).

لەوانەیە هەمان شتیش بەسەر کۆندێرا بچەسپێت کە ناتوانین بیٚ کەسایەتیەکانی لەخودی خۆشی بگەین.

دەڵێت( هەموو ڕۆمانەکان لەهەمو زەمانێکدا دەستیانگرتوە بەنهێنی( ئیگۆ )ەوە، بەجۆرێك هەر کائینێکی خەیاڵی دروستبکەین، یان کەسایەتیەکی چیرۆك دابهێنێت ڕاستەوخۆ توشی ئەمە پرسیارە دەبێت( ئیگۆ )چیە؟و چۆن دەتوانین لێی بگەین؟

ئەوانە یەکێکن لەو پرسیارانەی ڕۆمانی لەسەر بونیات دەنریٚ ).

بۆ نمونە( بۆکاشیۆ ) ڕووداوموغامەراتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەپشتی ئەو هەموو چیرۆکە خۆشانەوە ئەو قەناەتەوە هەست پیٚ بکەین کە پیٚی وایە مرۆڤ لەو جیهانە ڕۆژانەییە

دوبارەبوەدا کەهەموو شتەکانی لەیەکدی دەچن بەهۆی کردارەوە دێتەوە دەرەوە، هەر بەهۆی کرداریشەوەیە مرۆڤ لەوانی دی جیادەکرێتەوە و دەبێتە تاك.

( دانتی )دەڵێت( مەبەستی یەکەمی هەر بکەرێك لەهەموو کردارێکدا کە دەیکات کەوتۆتەسەر کەشفکردنی ئەو وێنیەی کە تایبەتە بەخۆیەوە ).

بەڵام( دیدرۆ )دوای چوارسەدە لە ( بۆکاشیۆ ) گومانی زیاتربوو، بەجۆرێك پاڵەوانەکەی( جاك ) دێوانەی دەزگیرانی هاوڕێکەی دەبێت و لەخۆشیشدا سەرخۆشدەبێت، بەڵام باوکی لیٚی دەدات و ئەویش لەداخانا پەیوەندی دەکات بەکەتیبەیەکی سەربازییەوە، هەر لەیەکەم شەڕیشدا فیشەکێك بەر ئەژنۆی دەکەوێت و تاوەکو کاتی مردنی توشی ئیفلجی دەبێت.

کۆندێرا دەربارەی ئەم ڕووداوە دەڵێت( گومانی وابووو کە دەستی کردوە بەموغامەرەیەکی عاشقانە ئەمە لەکاتێدا کە ئەو لەواقیعدا ڕوەوە بەڵا هەنگاوی دەنا، ئەمە جگە لەوەی هەرگیز نەیتوانی بەو کردارە لەزاتی خۆی بگات ).

شێوەی تەمومژاوی کردارەکانیش یەکێکە لەدۆزینەوە گەورەکانی ڕۆمان، هەر لێرەشەوەیەئەو لەحزەیە دێت کە پێویست دەکات لەسەر ڕۆمان لەگەڕانیدا بەداوی( ئیگۆ )دا ئەو جیهانە کردارییە بینراوە پشتگوێبخات بۆ ئەوەی گرنگی بدات بەنەبینراوەکانی ژیانە ناوەکییەکە.

کۆندێرا لەزەمینەیەکی ڕۆشنبیری پێگەشتووەوە کە تێرە لەخوێندنەوەی ڕۆمانەکانی گەورە ڕۆماننوسانی وەك( مارسیل پرۆست، جەیمس جۆیس، ستاندال، گۆتە، ڕیتشارد سۆن، بۆکاشیۆ، کافکا )هاتوە.

کۆندێرا لەهەوڵێکیدا بۆ نیشاندانی وێنەیەکی ڕۆشنتر دەربارەی کۆی پرۆژەی ڕۆمانەکانی دەڵێت( هەموجار گەڕان بەدوای( ئیگۆ )دا بەتێرنەخواردنێکی سەیر کۆتایی دێت، کە ناڵێم بەتەواوەتی شکست دێنێت، چونکە ڕۆمان ناتوانێت لەسنور تایبەتیەکانی توانای خۆی تێپەڕێنێت، هەروەك چۆن ڕۆشنکردنەوەی ئەم سنورانە لەبنەڕەتدا بەدۆزینەوە و وەبەرهێنانێکی گەورەی ئیدراکی دادەنرێت ).

ئەگەرچی کۆندێرا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە لەلیستی ڕۆماننوسە سایکۆلۆژییەکاندا حسێبی بۆ بکەین، بەڵام ڕۆمانەکانی ناتوانێت ئەوە ڕەتبکاتەوە کە سەر بەم قوتابخانەیە کە بێگومان یەکێکە لەگرنگترین و گەروەترین وەزیفەکانی ڕۆمان.

( هێرمان هێسە )

( هێرمان هێسە ) ۆکاری بە پیرەوەچونی بۆ نوسین دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی مناڵی، ئەو کاتەی کە خەیاڵی بوو ببێت بەسیحربازێك و پیٚی وابوو دەتوانێت ئەو شتانە بکات کە لەواقیعدا ناتوانێت ئەنجامی بدات و وزە عەقڵی و جەستەییەکانیشی ڕێگایان پێنادات.

( ئارەزوییەکی زۆر لێکەر دایدەگرتم بۆ گۆڕینی واقیع بەسیحر ودروستکردن و گەشتن پیٚی، لەمناڵیمدا ئارەزوەکانم بۆ سیحر ڕوەوچەند ئامانجێك دەیبردم کە لەدەرەوەی توانای مناڵیمابوو، وەك ئەوەی ئارەزوم دەکرد داری سێو بەزستانانیش بەری هەبێت و گیرفانەکانیشم لەڕێگای سیحرەوە پڕبێت

**لەئاڵتون و زیو،کە لەڕێگایەوە دوژمنەکانم پەکبخەم و توشی ئابڕوبردنیان بەرم و بەشەهامەتەوە دواتر ببم بە پاڵەوان و پادشا،دەمویست کە توانام هەبێت گەنجینە شاراوەکان بدۆزمەوە و وابکەم جەستەم ونبکەم،ئەم توانای خۆونکردنەش بەگرنگترین توانام دادەنا و بەهەمو شێوەیەك هەوڵی دەستەبەرکردنیم دەدا ).**

**( هێسە )دان بەوەشدا دەنێت کە هەر نوسین بوە توانیویەتی لەم بیرکردنەوانە ڕزگار بکات کاتێك کە گەورەبوە و نوسینی ناسیوە:**

**( دوای ئەوە کە گەورەبوم لەماوەیەکی درێژداو دەستم کرد بەنوسین،چەند جار هەوڵی ئەوەم داوە کە لەدوای دروستکراوەکانمەوە خۆم بشارمەوە و دوبارە خودی خۆم لە پشتی ناوە دروستکراوەکانمەوە بشارمەوە و ئەم هەوڵانەش هاوەڵە نوسەرەکانمی وەها لێکرد کە بەهەڵە لەمەبەستەکانم بگەن و وەها سەیرییکەن کە کارێکی هەڵەشانەیە.**

**کاتێك سەیری ڕابوردوو دەکەم دەبینم چۆن لایەنەکانی ئەم ئارەزوە سیحریانە بەتێپەڕینی ڕۆژگار گۆڕاون و چۆن هەوڵەکانم لەجیهانی دەرەوەدا بەلەسەرخۆیی گۆڕدراوە و ئاراستەم کردووە بۆ زاتی خۆم.**

**وە چۆن چۆنی ئەو عیبارەتە سیحرییە سادەیە بەتێپەڕبونی زەمەن و توانی بۆ خۆشاردنەو گۆڕدراوە بۆ توانای خۆشاردنەوەی ئەو حوکمەی کە هەموو شتێکی چواردەوری خۆی دەبینیٚ بەبیٚ ئەوەی کەس ئەو ببینێت،هەر ئەم هەڵپەیەشە دواتر دەبێت بەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ژیانی من.**

**هێسە بەم شێوەیە وردەکارییەکانی ژیانی خۆی باسدەکات:**

**بەنزیك کۆتایهاتنی سەردەمی تازە لەدایك بوم،لەکاتژمێرێکی زووی ئێوارەیەکی گەرمی مانگی تەموز،بەدرێژایی ژیانم و بیٚ هیچ هوشیارییەك گەرمایی ئەو کاتژمێرەم خۆشویستوە و بەدوایدا گەڕاوم،هەر کاتێکیش کە نەمدۆزیوەتەوە زۆر بەقوڵی بیرکردوە و نەمتوانیوە لەوڵاتە ساردەکاندا بژیم،هەموو سەفەرەکانیشم ئەوانەی کە بەدەستی خۆم بوە ڕووە و باشوربوە،لەگەڵ ئەوەشدا دواتر و بەجۆرێك کە هیچ گەڕانەوەیەکی بۆ نیە تەسلیمی جیهانە گەمژەکە بومەتەوە،تەنانەت هەستەکانیشم چەندین ار سزاداوە و بۆ چەند کاتێکیش پشتگوێم خستوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمو جار ئەم باکگراوندەی سۆزە بەوردەکارییەکی زۆرەوە بەتایبەتی لەوەی کە پەیوەندی بەبینین و بیستنەوە هەیە هاوڕێم بوە و لەجیهانە فیکرییەکەمدا ڕۆلێکی گرنگی گێڕاوە،تەنانەت لەو کاتەشدا کە بەموجەرەدی دەرکەوتوە.**

**بە مجۆرە وەك باسمکرد خۆم بەچەند توانایەکی دیاریکراو تەیارکردوە بۆ ئەوەی ڕوبەڕوی ژیان ببمەوەوە.**

**ئەوەی کە نوسینەکانی هێسە جیادەکاتەوە و بەتایبەتیش لەقۆناغەکانی دوایی ژیانیدا،ئەوەیە کە نوسەرەکەی پیاوێکە لەقۆناغێکی پیری ئارامبەخش وتێربوو لەچیانەو دەنوسیٚ و بەشێوەیەکی گەورەش نزیکە لەدانپیانانە گەورەکانەوە،زۆراریش بەئوسلوبی حەکیمێکی بەساڵاچووەوە کە قسە بۆ نەوەکانی دەکات دەڵێت:ئایا ئێمە لەوە دڵنیاین کە قەدەرمان کردارێکی غەریزییە و دەربازبون لیٚی مەحاڵە؟ئایا بەشێکی گەورە لەسۆز و توانا و دڵسۆزی بۆ ئەم هەموو کردارانە دابین نەکراوە؟.**

**ئەو بەساویلکەییەکەوە ئەوانە دەکات وبڕوای بەهەبونی حەماسەتێکی مناڵانە هەیە لەهێزە زاتیەکانی خۆیدا و ڕازیشە بەوەی کە قەدەر دەتوانێت کاریگەری لەسەری هەبێت یان پێدەچێت کە بتوانێت،لەگەڵ هەبونی ئەو گومانەی لەقوڵاییەکانی ڕۆحیدا هەیتی بەوەی کە هەوڵەکانی بێسودە ،لەهەمانکاتیشدا لەوە دڵنیایە کە کارو هەوڵدان وهەڵبژاردن و ئازاردانی زات چاکترین و جوانترین ژیانە و لەهەموشیان هێزی ڕاکێشانی زیاتر،یان لانی کەم لەوە چێژی زیارتە کە بەزەلیلییەوە تەسلیمی بین.**

**سەرچاوە/ سایتی**
البوابة